# شەوێکی پڕ لە ئەسپ

**چنوور سەعیدی**
**(سنە)**

«- بێ بەزەییترین کەسێکی کە تا ئێستا دیومە.»

گوێم لێ ناگرێت و لە گوێیەکانمەوە دەست پێ ئەکات. تەنانەت گوارەکانم لە گوێم دەرناهێنێ، دوو ماری گەرم لە ملمەوە ئەخزێنە خوارێ و لەنێو جلەکانمدا ون ئەبن.

«- قژەکانم، ئاە تۆ خوا قژەکانم مەبڕە، تازە ڕەنگم کردوون، سەیر کە، تۆ ڕەنگی شەراویت، لا جوانە.»

چەپک چەپک قژەکانم ئەبڕێ و ئەیخاتە سەر گوێیەکانم. ناوێرم سەیری خۆم کەم. هەرگیز خۆمم بە قژی کورتەوە نەدیوە، لە خەونیشدا.

«- تۆ بێ ڕەحم و....»

بێ ڕەحم و چی؟ تەنیا بێ ڕەحم.

نا شتی وا نابێت ڕەنگە خۆی نەبێ، ڕوومەتی کەوتووەتە بەر تریفەی مانگ. خاڵە ڕەشەکەی لە سەر گۆنایە و چاوەکانی هێشتا هەنگوینین، بەڵام هەراسانن. هەست بە تیژی نیگام ئەکات. نە قین، نە نەفرەت، هیچی تیا نیە خوایە. دائەنیشێت و لە سەرخۆ دانە دانەی پەنجەکانی پێم ئەبڕێتەوە.

«- هاها! ئاگات لە خۆت بێ وەخت بوو دەستت ببڕی.»

قسەکەم تەواو ناکەم و قامکەکانی دەستیشم.

«- ئەم نینۆکانەم تەنیا بۆ تۆ درێژ کردۆتەوە. سەیر کە لە بیرت دێت؟ شەوانە وەکو منداڵێک تاکو لە زارت نەنایە نەئەخەوتی.»

ئەی هاوار بان قژم پڕ ئەبێ لە قامک و پەنجەی خوێناوی، بەر چاوم لێڵ ئەبێ ڕەنگە بیست دانە نەبێ، چل بێ، نازانم کەمەیان قامکی دەستمە، کامەیان



پەنجەی پێم؟ بە چەقۆ خوێناوییەکەیەوە دێت چاوەکانم دەربێنێ، پەشیمان ئەبێتەوە.

دایناوە بۆ دوایی؟ پێی خۆشە هەموو لەتەکانم تا دوا لەت ببینم؟ ئەمجارە ساتووریّ دێنێ ئەیکوتێتە ڕانم، ناتوانێ، ئێسکەکانی ڕانم پڕ هێز و قەڵەون، خوێن ئەپژێ بە ڕوومەتیا. دەستم نییە بە قۆڵەکانم ئەیسڕمەوە. ناوێرێ سەیرم کا. چاوەکانی هەنگوینیتر لە هەمیشەیە، قرچ و هۆڕی وردبوونی ئێسکەکانم شێتی ئەکا، ئەزانم.

«- ئەی بۆ ئەوەندە بێ بەزەییت؟!» ئەکەومە سەر عەرز.

«- تۆ زات ناکەی گلۆپەکە داگیرسێنی، چونکە ژوورێکی سوور ئەتترسێنێ.»

خۆی لە کەڕی داوە. هەر لە ڕانم خەریکە تا پێیە بێ پەنجەکانم لەت لەت ئەکاتەوە.

«- دەبزانە گۆشتی من بەشی هەموو خەڵکی ئەم شارە ئەکا؟»

هێزم نییە قاقا بکێشم، ئەوەندە لە ئێش و کزە پڕم کە ئیدی هەست بە هیچ ناکەم. لەشم داخی داخی داخە، وەکو زۆپایەکم کە تا ئاخر زیادیان کردبێت، بەڵام ئەو وەکو مردوو ساردی ساردی ساردە. لەت لەت کردنی ڕانم ماندووی ئەکا.

«- وەرە لە پاڵما بنوو. بەیانی دووبارە دەست پێ ئەکەیتەوە.»

کە ئەڵێم بەیانی، خێرا هەڵ ئەستێ و باڵەکانم ئەقرتێنێ و ئەیخاتە سەر لەتەکانی ڕان و ئەژنۆ و قاچم.

تاکو چەقۆکە تیژ ئەکاتەوە من قاتەکانم ئەژمێرم: یەکەم گوێ، دووهەم قژێکی شۆڕی شەراوی، سێهەم قامکەکانی... نەرم نەرم وەکو دکتۆرێکی شارەزا سکم ئەدڕێ و ڕیخۆڵەم دەردێنێ و ئەیخاتە سەر لەتەکانی باسکم.

ئینجا وەکو پەتی تەزبێح ژێیەکی ناسک لەنێوان مۆرەکانی پشتم ئەکێشێتە دەرێ. ئاخ خ خ.

مۆرەکانی پشتم تێکەڵ ئەبن. وەکو منداڵ یاریان پێ ئەکات.

سەگەکان ئەوەڕن و مۆرەکان پەرت ئەداتە سەر ڕیخۆڵەم.

دڵم لە دەستەکانیا لێ ئەدات. دەستەکانی ئەلەرزێن، خوێن لە دەستەکانییەوە تک تک ئەتکێتە سەر سنگم، مەمەکانم ئەڕووتێنێتەوە.

«بێ ڕەحم، بێ بەزەیی، بێ...»

لێوەکانم مەقەست ئەکات بەنووکی چەقۆکە چاوەکانم هەڵدەکۆڵێ. ئاوڕ ناداتەوە. تک تکێکی داخ لە چاوەکانییەوە ئەڕژێتە سەر گۆنام. ئێستا قاتی یازدەهەم جووتێ چاوە کە هێشتا ئەبینێ، گەر ئەو بوێرێ گلۆپەکە داگیرسێنێ.

بەفر ئەبارێت، نووزە لە دوای نووزە دێت، سەگە خوێرییەکان دەوری ماڵەکەیان گەمارۆداوین.

«- ئێستا چیم لێ ئەکەیت، ها؟ چۆنت پێ خۆشە؟ سەگەکان یان پشیلەکان؟ یان ڕەنگە وەکو کوندە کوێر (١) لە شوێنێکا چاڵم ئەکەیت و تا هەمیشە تەنیا ئەمنووسیتەوە؟»

دڵە ڕاوکێ دەیهەژێنێ، بە دزییەوە پەردەکە لائەدات و سەیری سەگەکان ئەکات، بە ئەستەم تفەکەی بۆقووت ئەدرێ. دەستەکانی ئەلەرزێن.

دڵم تێکەڵی قژ و قاچ و قامکەکانم توند توند لێئەدات.

باوەشم پیا ئەکات، چەپکە قژێک و چەند قامکم جێ ئەمێنێ، قامکەکانم لە گیرفان ئەنێت و قژەکانم وەکو شاڵ دەئاڵێنێتە دەور ملیا.

«- بۆ کوێ ئەڕۆی؟ سەگەکان ئەتخۆن. بڕیار وابوو لەبەر دەرگا دامنێیت و بڕۆی.»

کزە بایەکی سارد هەڵدەگژێ، سەگەکان ئەوەڕن و دڵی توند توند لێئەدات.

«- دەبا ڕۆژ بێتەوە وەکو ئەو ژنە چاوڕەشە(٢) لە شوێنێکا چاڵم کەو تەواو، من تاقەتی سەرمام نییە.»

لە ژێر کۆتەکەیەوە ئەمشارێتەوە، هەموو لەشم تێکەڵی یەکە، نازانم ئێستا چەند قاتم، دەترسم سەگەکان....

خشە خش بەرەو ناو سەگەکان، تاریکی، بەفر ڕێ ئەکەوێ.

**جۆزەردانی ١٣٨٤**

**پەراوێز:**

**١- کوندە کوێر ڕۆمانێکی بەناوبانگی سادق هیدایەت، نووسەری هاوچەرخی ئێرانییە.**

**٢- ئاماژەیە بۆ کەسایەتی ڕۆمانی کوندە کوێر.**